# مەشخەڵی بیرێک کوژایەوە
# چ دڵێکی گەورە لە لێدان کەوت!

## وتاری فرێدریک ئینگڵس

شەممە ١٧ی مارسی ١٨٨٣ لە گۆڕستانی هایگەیت لە لەندن کارل مارکس لەهەمان ئەو گۆڕستانەی کە هاوژینەکەی پانزە مانگ پێشتر نێژرابوو، ئێستا هاوڕێکانی مەراسیمی ماڵئاوای یەکجاری بۆدەکەن. لەسەر گۆڕەکەی دوو تاجەگوڵینە بە قردێلەی سوور دانراوە کەلەلایەن گۆتلیب لەمک بە نوێنەرایەتی دەستەی نوسەرانی سۆسیالدیموکرات و ئەنجومەنی کرێکارانی کۆمۆنیستی لەندەن ئەو گوڵانەی هێنابوو... دواتر فرێدریک ئینگڵس ئەم وتارەی لەسەر گۆرەکەی خویندەوە.

**وەرگێرانی وتارەکە: نزار عەبدوڵا**

ناوەندی کۆمۆن

# مەشخەڵی بیرێک کوژایەوە
# چ دڵێکی گەورە لە لێدان کەوت!

## ناوی ئەو و کاری ئەو لە سەدەکان تێپەڕ دەبێ!

دوای نیوەڕۆی ١٤ی مارس لە سەعات چارەکێک کەمدا مێشکی مەزنترین ڕوناکبیری هاوچەرخی ئەمڕۆ لە بیر کردنەوە ڕاوەستا. تەنها بۆ ماوەی دوو دەقیقە بەجێ هێڵرا بوو، کاتێک چوینە ژورەوە بینیمان لەسەر کورسییەکەی بە هێمنی خەوێکی قوڵی یەکجاری لێکەوتووە.
مەرگی ئەم پیاوە بۆ پرۆلیتاریای خەباتگێر لە ئەورووپا و ئەمریکادا، بۆ زانستی مێژوو، خەسارەتێکی کەم وێنەیە، هەر بەم زووانە ئەو بۆشاییە دەردەکەوێ کە ئەم بلیمەتە لەدوای خۆی بەجێی دەهێڵێ.
هەر وەکو چۆن داروین یاسای گەشە کردنی یاسای ئۆرگانیکی دۆزییەوە، ئاواش مارکس یاسای گەشەی مێژووی مرۆڤایەتی دۆزییەوە:
ئەو یاسایەی لەو واقیعییەتە سادەیەوە دەست پێدەکا، کە تا ئەم دواییانەیش بە ئایدۆلۆژیا داپۆشرابوو، کە ئینسانەکان پیش هەموو شتیک دەبێ بخۆن و بخۆنەوە و پۆشاک و شوێنی نیشتەجێبوونیان هەبێ پیش ئەوەی بتوانن بیر لە سیاسەت و زانست و هەنەر و دین و ... تاد بکەنەوە؛ وە هەروەها بەرهەمێنانی ڕاستەوخۆی بەروبوومە مادییەکانی ژیان لە هەر قۆناغێکی گەشەکردندا، لە مەیدانی ئابووریدا ، بناغەیەکن کە دامودەزگاکانی دەوڵەت و بیر و بۆچوونە حقوقییەکان، هونەر و تەنانەت لێکدانەوە دینییەکانی

کۆمەڵێکی دیاری کراو لەسەریان بنیات دەنرێ، و پێویستە بەو  شێوەیە لێک بدرێنەوە، نەک بە پیچەوانەوە وەکو وەکو تا ئێستا باو بووە.

بەڵام ئەمە هەموو شتێک نییە. مارکس هەروەها یاسای تایبەت بە جوڵانەوەی  شیوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری هاوچەرخ  و کۆمەڵی بۆرژوازی  کە ئەو شێوە بەرهەمهێنانەی پیک هێناوە، دۆزییەوە. دوای دۆزینەوەی زێدە بایی لەم مەیدانەدا هەموو شتێک ڕوون بۆوە، لە کاتێکدا کە باسەکانی ڕابووردوو کە ئابووری ناسە بۆرژواکان و ڕەخنەگرە سۆشیالیستەکانیش بلاویان کردبۆوە هەر لە تاریکیدا مابۆوە.

ئەم دوو دۆزینەوەیە بەسە بۆ ژیانی کەسێک، بەڵکو ئەو کەسە زۆر خۆشبەختە کە سەرکەوتوو بێ و بتوانێت تەنها یەکێک لەم دووانەی دۆزیبێتەوە. بەڵام مارکس لە هەر مەیدانیکدا کە لێکۆڵینەوەی تێدا کرابێ دۆزینەوەی  تایبەتی هەبووە،_ تەنانەت لە مەیدانی ماتماتیکدا،_ ئەو مەیدانانە گەلێک زۆرن و هیچ کات ئەو ڕوکەشانە گرنگی پێ نەدەدان و نەدەچووە ناویانەوە.

ئاوا بوو ئەم پیاوی زانست و زانست دۆستە. بەڵام ئەم سیفەتە تەنها سیفەتی سەرەکی ئەو نەبوو،  لەو ڕوانگەی مارکسەوە زانست هێزێکی شۆڕشگێڕە و جوڵانەوەیەکی مێژووییانەی هەیە. هەرچەند ئەو لەگەڵ هەر دۆزینەوەیەکی نوێدا لە هەر زانستێکی نەزەریدا کە تەنانەت هەندێک جار نەدەکرا بە شێوەیەکی عەمەلی تاقی بکرێتەوە، دڵی پڕ دەبوو لە خۆشی، بەڵام دلخۆش بوونی زۆر جیاواز بوو کاتێک دۆزینەوە زانستییەکە بەشێوەیەکی خێرا کاریگەری شۆڕشگێڕانەی لەسەر پیشەسازی و گەشە کردنی مێژووی بە شێوەیەکی گشتی دادەنا، بە نموونە ئەو زۆر بە ووردی گەشەی دۆزینەوەکانی لە بواری کارەبادا، وە هەروەها ئەم دواییانەش دۆزینەوەکانی مارسیل دوبرێی، چاودێری دەکرد.

مارکی پیش هەموو شتێک شۆڕشگێڕ بوو،  بەژداری کردنی بە شێوەی جۆراو جۆر دژ بە کۆمەلی سەرمایەداری و دام و دەگای دەوڵەت کە پێکی هێنابوو، بەژداری لە مەسەلەی ڕزگاری پرۆلیتاریای هاوچەرخدا کە ئەو **خودی خۆی** یەکەم کەس بووهەوڵی دا جێگە و شوێنی تایبەتی و داخوازییەکانی وهەل ومەرجی ڕزگار بوونی خۆی بناسێ، ... ئەمە بە فعلی پەیامی ئەو بوو لە ژیاندا.

ئەو لە خەبات کردندا زۆر شێلگیر بوو، بە حەماس و ڕاوەستاوی و سەرکەوتنێکی واوە تێدەکۆشا و خەباتی دەکرد کەم کەس هەبوو وەکو ئەو بێ.
"ڕۆژنامەی رینان" ی یەکەم (Rheinische zeitung) لە ساڵی ١٨٤٢ دا و "فۆرفارتس"ی (vorwosts) پاریسی لە ساڵی ١٨٤٤ و "ساڵانەی ئەڵمانی بەلجیکی" Deutsche_ Brusseler_ zeitung لة ساڵی ١٨٤٧و "ڕۆژنامەی رینانی نوێ" neu Rheinishe zeitung لە ١٨٤٨ و ١٨٤٩ دا و نیۆرک دەیلی تریبیۆن newyork daily tribune ١٨٥2_ 1861،*[2]–و زۆرناملکەی خەباتکارانەی تر، کار کردن لە ڕێکخراوەکانی پاریس و برۆکسل و لەندەن، تا دەگات بە بنیات نانی ئەنتەر ناسیۆناڵی یەکەم، ئەومانە هەموو کارێکن کە هەرکەس کردبیتی حەقێتی شانازی پێوە بکا، تەنانەت ئەگەر هیچ کارێکی تری نەکردبێ. لەبەر ئەوە مارکس ئەو پیاوە بوو کە هیچ کەس وەک ئەو دووژمنی نەبوو، کەس وەک ئەو تۆمەت و درۆی بۆ هەڵنەبەسترا. حکومەتەکان، هەم ئیستیبدادیەکان و هەم کۆمارییەکان، نەفییان کردوو دووریان خستەوە.. بۆرژوواکان_ هەم خۆپارێزەکانیان و هەم دیموکراتە توندڕەوەکانیان_ لەنێو خۆیاندا پیشبڕکێیان بووتا نەفرەتی لێ بکەن و شتی هەڵبەستراوی بەسەردا ببارینن. بەڵام ئەو هەموو ئەوانەی لەسەر ڕێگای خۆی وەکو لابردنی تەنافی جاڵجاڵۆکە پاککردەوە و تەنها لەکاتی زۆر پێویستدا نەبێ وەڵامی نەدایەوە. بۆیە بە ڕێزەوە مرد، بە خۆشەویستییەوە گیانی لەدەست دا، بە ملیۆنەها لە هاوڕێ و شۆڕشگێڕەکانی لە فیکر و لە خەباتدا لە هەموو ئەوروپا و ئەمەریکادا، لە کانە خەڵوزەکاانی سیبیریاوە تا کالیفۆرنیا بۆی دەگرین، دتوانم بە جورئەتەوە بڵێم؛ ئیەو لە ژیانیدا دوژمنی زۆری هەبوو بەڵام تەاو جێگەی گومانە کە لانیکەم یەک کەس دوژمنی شەخسی ئەو بووبێ.
ناوی ئەو کاری ئەو لە سەدەکان تێپەڕ دەبێ!

<u>پەراوێزەکان:</u>

1. ئەنگلس ئەم وتارە لە گۆڕستانی هایگەیت بەزمانی ئینگلیزی لەسەر مەزاری مارکس خوێندەوە و بۆ یەکەم جاریش بە زمانی ئەڵمانی لە ڕۆژنامەی سۆشیاڵ_ دیموکراتدا ژمارە ١٣ لە ١٢ی مارسی هەمان ساڵدا واتە لە ١٨٨٣ دا بڵاوکرایەوە.

2. * "ڕۆژنامەی ڕینان"ی یەکەم (Rheinische zeitung): ڕۆژنامەی ڕینان بۆ بازرگانی و پیشەسازی" ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بوو، لە کانونی دووەمی ١٨٤٢ تا ١٣ی ئازاری ١٨٤٣ی خایاند، لە نیسانی ١٨٤٢ دا مارکس لەو ڕۆژنامەیەدا کاری کردووە و لە تشرینی یەکەمی ئەو ساڵەدا بووە بە سەرنووسەرەکەی.

* "بۆ پیشەوە: فۆرفارتس" (vorwosts): ڕۆژنامەیەکی ئەڵمانی بوو، لە پاریس لە کانوونی دووەمەوە تا کانوونی یەکەمی ١٨٤٤ دوو جار لە هەفتەیەکدا دەردەچوو، مارکس و ئەنگلس لە دەرچوونیدا هاوکاری بوون و سپانسۆری بوون.

*ڕۆژنامەی ئەڵمانی ـ برۆکسلی (Deutsche_Brusseler ـ zeitung): لە برۆکسل لەلایەن ئەڵمانییەکانی نیشتەجێی ئەو شارەوە دامەزرا. لە کانوونی دووەمی ١٨٤٧ تا ١٨٤٨ی خایاند لەسەرەتای ئەیلولی (١٨٤٧)ەوەمارکس و ئەنگلس هاوکاری ڕاستەوخۆی ئەم ڕۆژنامەیەیان کرد و بە کردەوە بوو بە زمانحاڵی (کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکان).

*/ ((ڕۆژنامەی ڕینانی نوێ)) زمانحاڵی دیموکراسی (( DEMOCRATIE NEW RHEINISCHE, ZETUNG ORGAN DER))

ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بوو لە یەکی حوزەیرانی ١٨٤٨، بە سەرنوسەری مارکس، تا ١٩ی ئایاری ١٨٤٩ی خایاند.

*ڕۆژنامەی نیۆیۆرک دەیلی تریبیۆن(NEWYORK DAILY TRIBUNE) ڕۆژنامەیەکی بۆرژوازی و پێشکەوتن خواز بوو لە ساڵی ١٨٤١ تا سالی ١٩٢٤ لەنیۆیۆرک دەرچووە، لە ئابی (١٨٥١)ەوە تا (١٨٦٢) مارکس و ئەنگلس هاوکاری ڕاستەوخۆی ئەم ڕۆژنامەیان کردووە.



ناوەندی کۆمۆن